# پێگەی پەرلەمان لە نێوان فەرمانی پارتەکان و خواستەکانی کۆمەڵگای سڤێل

**سیروان بابەعەلی**
sirwanb@t-online.de

ئەوە راستە کە پەرلەمانی کوردستان، راستەوخۆ نوێنەرایەتی گەل ناکات و، هیچ پێوەرو پێناسەیەکی تەندروستی، هەماهەنگ بە پێڕۆی پەرلەمانیی جڤاکە دیمۆکراسییەکان بۆ لەمەحەکدانی ناگونجێت، وە لەڕووی دەسەڵاتەوە دەزگایەکی بێرەنگ و بێتام و بێبۆنەو، لەپانتایی مشەخۆرییدا وەك هەر ناوەندێکی کارگێریی، لێکچەسپانێکی زیندەڵی(ئۆرگانیکی) بە دەسەڵاتی زلپارتەکانەوە هەیەو، هەر لەسەرەتاوە لە چەمەری ئومێد دەرچووەو (خێری بەشراوەتەوە) و، ناوودەنگ(پرێستیژ)ێکی پڕبەپێستی وشەی پەرلەمان لەسەرئاستی ناوخۆ وەک ناوەندی بڕیارچێکردن نییە... نەخاسمە لە پرس و ئارێشە چارەنووسسازەکاندا...

بەڵام ئەوەیش راستە کە؛ بەو پێودانگەی دوو زلپارتەکە نوێنەرایەتی ژیانبینیی و ئاوزانی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکەن و پەرلەمانیش زادەی بڕیارە بەڕووکەش نوێگەر(مۆدێرن)ەکانی ئەو پارتانەیە. ئەوا دەبێت بۆ قوتدانی ئەو مەرگەژارە ملبدەین و بیسەلمێنین، کە پەرلەمانی کوردستان بەو هەموو خەسڵەتە سەیرەوە ناڕاستەوخۆ ناوەندی نوێنەرایەتی گەلە!

کەواتە؛ ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان، بڕیاروەرگرەو بڕیاردەر نییە.. ئاڕاستەکراوەو ئاڕاستەکار نییە.. خەملێنراوەو خەملێنەر نییە.. دەستاوێژەو دەستهاوێژ نییە... یان ئەوەی کە بەڕێزان پەرلەمانتاران لە باری (تێکڕا و ڕێژەیی)دا پۆلە تووتی و کۆراڵن، هەر نامۆو لەنگ نییە... بەڵکە نەنگییەکە لەوێدایە کە پەرلەمان، ناونراوە پەرلەمان!.. بەداخەوە دەبوایە بەوشێوەیە؛ گەمە بەو ناوە پیرۆزە نەکرێت. وە ناوێکی وەك (ئەنجومەنی پرسەگورگانە.. شورای چاووڕاو.. یانەی گوێگران...تاد) بوایە نەک پەرلەمان ((ڕێزم بۆ چەند ئەندامێکی بەدەنگی دڵسۆز))... بەڵام لەبەرئەوەی ئامادەبوونێکی ڕەوشی باو(دیفاکتۆ)ی هەیە، ئەوا ئێمەیش پێیدەڵێین پەرلەمان!...

جگەرەکێشان گەورەترین نەگبەتی و دزێوترین دیاردەی سەرزەوییە؛ کە پانوپۆڕترین پانتایی ژیانی تەنیوەو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەریی چەوتانە لەسەر تێکڕای پێتەکانی ژیان دادەنێت و بۆ تەنها جارێکیش سوودبەخش نییە... وە جگە لە زیانە هەمیشە جەختکراوە خودییەکانی لەسەر نابوتکردنی مرۆڤ و ژەهراویکردنی ژینگە... لەواری بابەتییشدا سەرمایەی دەستکەوتوو لەوەبەرهێنانی جگەرەو ئالوودەکردنی جەستەی مرۆڤ پێی، بلیۆنەها دۆلاری لەپشتەو ملیۆنەها مرۆڤ لەسەرزەوی برسیی دەکات...

سەرباری زۆر خەوشی تری پێڕۆی بازاڕی ئازاد؛ ڕەشترین کینەی من لە چاوچنۆکییەکانی سەرمایەداریی ئەوەیە، کە بەری بۆ ریکلامە ڕەنگاڵەو سەرنجراکێشە فرەکانی دەیەها دەردی (ئابووری/کۆمەڵایەتی/جڤاتیی) واڵا کردووەو بەکاوەخۆ لەسەری دەلەوەڕێت. [بۆنموونە من ماوەی حەفدەساڵە جگەرەم وەلاناوە، کەچی ئێستاش کە لەریکلامدا دەبینم (مارلبۆرو) بەچیلکەو پەنگرەکە جگەرە سووردەکات، بەحەسرەتی جگەرەیەکم!]

لە وڵاتێکی وەکو ئەلمانیا؛ کە لەپێشڕەوەکانی زانستی پزیشکیی و چالاکی ژینگەدۆستیی و ئەزموونە سەرکەوتووەکانی پلان(ستاتستیک)ی ئابووری و زانستیی و پەروەردەیی و..تاد یە. تەنها لەناوەڕاستی ئەمساڵ (2007) توانی یاسای جگەرەکێشان کە چەند مانگێك لەوەوبەر پەرلەمان بڕیاری لەسەردا بۆ چێشتخانەو شوێنە گشتییەکان بەکاربخات... پەرلەمانی کوردستانیش هەر لەبەرئەوەی

شانۆگەرییەکی بە فۆرم جوانی کرۆك پوچەڵ نمایش بکات، کەسوور دەزانێت لەسۆنگەی کۆمەڵێك ڕاستیی(فاکت)ی "ڕامیاریی/ ڕۆشنبیریی/ کۆمەلایەتیی" یەوە؛ هەرگیز نالوێت، بڕیاری یاساخکردنی جگەرەکێشان لە هەندێك جێگا [بەتایبەتی لە شەقڵ(ستایل)ی بڕیارە پانئەورووپییەکەی پەرلەمانی کوردستان] ببێتە ڕێکار... لەگەڵ ئەوەشدا دێ و کاتی پێدەکوژێت!

بیرمە؛ چەندساڵێك لەوەپێش، کە (تۆنی بلەیر) سەرۆکشالیاری پێشووی شانشینی یەکگرتوو، بەسەردانێك چووە فەرەنسا، لە کۆشکی پەرلەمانی ئەو ولاتە، وەك توانج و ئامۆژگاری بەرانبەر دەنگۆی هەندێك خواستی توندڕەوانەی چەند ڕامیارێکی (پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا) کە ئەوکات شالیاردارییان لەدەستبوو، پەندێکی لەبەسەرهاتی ژیانی خۆی گێڕایەوە بەزمانی فەرەنسی؛ ئەو ووتی: {کە خوێندکاربووم لە پاریس، بۆ دابینکردنی بژێوی لەپاڵ خوێندن، شەوان لە "بار" ێك کارمدەکرد، یەکەم شەو کەدەستم بەکارکرد، پاترۆن بۆکسێکی بچووکی پیشاندام و ووتی؛ ئەوە خانەی (بەخشیی- بەخشیش)ە، تۆو هەموو هاوپیشەکانت ئەو پارەیەی بۆخۆتان دەستاندەکەوێت دەیکەنە ناو ئەو بۆکسەو، کۆتایی هەفتە بەسەرتاندا دابەشدەکرێت... کە کۆتایی هەفتە بۆکسەکە کرایەوە، لێکمدایەوە کەتەنها من پارەم تێکردووە، ئەوە یەکەم وانەبوو لە "سۆسیالیزمی جێبەجێکراو" کە فێریبووم!}.

هەردوو دەسەلات لەکوردستان؛ بەپێی دیتانە(تیۆر)ی دادوەریی [ئەورووپی لە ئەرك و قەرەقوش بۆ ماف]، دەیەها بڕیارو یاسای ڕۆژئاوایی پشتشکێن و لەپەلوپۆخەریان بەکارخستووە، کە نەك هەر سەروکاریان لەگەڵ وتووێژ(دێبات)ی هۆڵی پەرلەمان نەبووە، تەنانەت لەکاتی بڕیاردانیان؛ کەمترین لایەنی خەوش و کێماسییەکانی خزمەتگوزاریی و، ئاستی بژێوی و، ژێرخانی ئابووری و پەروەردەیی و، دەستەوەرە کۆمەلایەتییەکان و، سەرخانی ڕۆشنبیریی، بەهەند وەرنەگیراون... بۆنموونە؛ [لەوانەیە ئۆتومبێلێک، تا دەگاتە فەرمانگەی هاتوچۆ، هەر بەهۆی ڕەوشی ڕێگاوبانەوە، چەندین درز بکەوێتە جامەکەی و توشی چەندین کێشەی تەکنیکی ببێت.. لەگەڵ ئەوەیشدا، لەوێ بەپێوەرە ئەورووپییەکان مەرجەکانی پشکنین و..تاد پەیڕەودەکەن!]... لەلایەکی ترەوە دەبینین کە بۆنموونە (پشکنینی توانستی بینین) بە چ ڕێکار(پرۆسێس)ێکدا دەگوزەرێت و چەندی پێدەوێت ((ئەمە ئەگەر ئاسایی بێت و سووڕی گەندەڵیی نەیبزوێنێت!)).

ناتوانرێت نکۆڵی لەو ڕاستییە بکرێت؛ کە بەداخەوە لای ئێمە دەسەلات مشەخۆرەو [ئۆرگانی مشەخۆریش لەجەستەی داوەشیودا نەبێت نازێ]، وە لەسۆنگەیەوە دەسەلات بەئاکارو سروشتی هەر ڕژێمێکی هەمەکیی(تۆتالیتار)، بەردەوام و ئاسۆیی کار لەسەر بەرینکردنەوەی پانتاییەکانی گەندەڵیی و بۆشایی پەیوەندی(کۆنتاکتی) نێوان خۆی و جەماوەر دەکات... لێ داخی گەورە لەوێدایە کە دەسەلات لای مە، بەپێچەوانەی هەر ڕژێمێکی هەمەکیی، بۆئەوەی بەر بەگۆڕان بگرێت، بەناوی چەندین چەمکی بالای وەك دێمۆکراسیی و ئازادیی و مافی مرۆڤ و دادپەروەرییەوە دەچەپێنێت و دەپوچێنێتەوە...

پەرلەمانی کوردستان، پاش دردۆنگییەکی ماوەدرێژ، بڕیاری وتووێژی پرۆژەیاسای ڕۆژنامەگەریی کە سیندیکای ڕۆژنامەنووسان پێشکێشی کرد دا... من لێرەدا پێویستم بەوەنیە زیاتر دڵنیابم، کە ئەگەر خودی سیندیکا بدرێت لە بێژەنگی پسپۆڕی و پرۆفیشنالی لە بوارەکەی خۆیان، چەندیان لەسەرەوە دەمێننەوە، چونکە دەزانم چەندیان دەکەونەخوار... وە لەوەدڵنیام کە کەمترین ژمارەی ئەندامەکانیان ڕۆژنامەوانی ئازادو سەربەخۆن و، بەو پێوەرەیش کە سروشتی کارو ئاکاری لایەنداریی لەکۆمەڵگای ئێمە دەکاتە سەنگەرگرتن و لایەنگریی دەروێشانەو خودخواز... ئەوا دەزانم کە وەها پرۆژەیاسایەك بەرەواژ دەنووسرێت و لەبری ئەوەی وەك لە جیهانی تەندروستدا باوە (پرۆژەی ماف بێت بۆ

ڕۆژنامەگەریی)، پرۆژەی ئەرك و پابەندیی ڕۆژنامەگەرییە بەخواستەكانی دەسەڵات...
گەر كار بەیاسا داپڵۆسێنەرەكانی بەعس بكرێت بۆ كاری ڕۆژنامەوانیی، بەلای كەمییەوە ڕۆشنبیران بەخەوی خۆماڵیكردنەوە، ئاسۆیەكی گەش بۆ یاساگەلێكی پێشكەوتوخوازی ڕۆژنامەوانیی بەدیی دەكەن... بەڵام جەخار؛ كە پەرلەمان ڕەوایەتی دەداتە یاسایەكی بەچكەبەعسیی وەها، كە لەنێو تاریكیی و لێڵیی و لاستیكیی و نادیارەكانییدا، زرڕەی چەندین كڵۆم و كەلەپچە دێن...
گومان لەوەنییە؛ كە فشارو هاوارە خۆجێی و نێودەوڵەتییەكان، لەبنەڕەتەوە پرۆژەیەكی تۆزلێنیشتووی نێو ڕەفەیان هێنایە سەرمێزی وتووێژ... ئەوەیش وەك باوەڕزا(پرنسیپ) ڕاستە كە وتەبێژانی پرۆژەیاساكە دەڵێن: {دەقی پیرۆز نییەو دەتوانرێت گۆڕانكاریی تێدابكرێت}، بەڵام نەك بەوشێوەیەی كە لەئێستادا بەكۆمەڵێك كەموكورتیی دیارو زەق و پێلەسەرداگیراو لەڕێگەی نوێنەرانی زلپارتەكانەوە بخرێتە واری جێبەجێكردن و پاساوی وەهایشی بۆبێننەوە... ئەو وتەیە كە پەیوەستە بەگۆڕانكاریی و گونجاندنی پاشوەخت، دەبێت گۆڕانكاریی و ڕەوشە نوێ "خودی و بابەتییەكان" پاشان بڕیاریان لەسەربدەن... نەك لەئێستادا یاساكە خواستەكان پڕنەكاتەوەو بەكەموكوڕیی و نیشانەی پرسیارەوە بخرێتەكار...
هاوساتی جێبەجیكردنی ئەو یاسایە، مەترسی لەگۆخستنی زاری گەل كە ڕۆژنامەگەرییە دێتە گۆڕێ و دەبێت ڕۆژنامەوان وەك (جوجەڵە لەنێو دەمی ڕێوی)دا بڕیاربدات چۆن كاردەكات... بۆیە پێویستە گشتمان دژی بوەستین.